

# خولیای ژینێکم

خولیای ژینێکم خەون تێی دا باڵا دەست بێ..

ساتێ کە پەستی گرت
بووکی پایز..
بە قژی نەرمی زێڕینیەووە
بەرەو رووی ژوانم بێ.....
لەرزینی لێووم چی تر
سەما بە دڵۆپی فرمێسکم نەکات
ماچی گەڕەنگێکی لادێ با بۆی دژووار بێ........
خولیای ژینێکم خەون تێی دا بە ئەنجام بێ..
سەریین پەناگەی بێ ئومێد بێ..
خەونەکان...
خەیاڵ....
هاوەڵی ئارەزووم بێ.......
خولیای ژینێکم راستیەکان تێی دا بەربەست نەبێ...
موچرکی شادی لە دڵ: تەورز ئاسا
مەودای تا ئەستێرەی چاو بێ.....
خولیای ژینێکم خەون تێی دا باڵا دەست بێ...
ساتێ هەستی نامۆییم قوڵتر بوو
باڵ بمگرێ.....
لەگەڵ پۆلی باڵداران کوێستانی ووڵات دوا وێستگەم بێ..

چەلەنگ بەرزنجی